# دنیای مندالان







# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر
دەستەی نووسەران: هانا وریا، بێگەردعەلیپوور

فتۆشاپ و دیزاین: مینا سوڵتانزادە
تایپ: شەهاب ڕەحمان پوور

**پەیوەندی:**
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com




## وتەی ئەمجارەمان

منداڵە خۆشەویستەکان ئەو کاتەتان باش!

دەزانم زۆر جار لێتان دەپرسن کە پێتان خۆشە لە داهاتوودا ببن بە چی؟ دوکتور، مەهەندیس، مامۆستا، فڕۆکەوان، ڕۆژنامەنووس ....

حەتمەن بۆ خۆشتان بیرتان لێ کردۆتەوە کە چ ئاوات و خۆزیایەکتان بۆ داهاتوو هەیە. بەڵام ئەدی چەندەتان هەوڵ داوە کە بە ئاوات و ئامانجەکانتان بگەن؟

دەمەوێ بڵێم زۆر کەس حەزیان لە شتێکە، بەڵام بۆ گەیشتن بەو حەزە دەبێ هەوڵی بۆ بدەی، ئەگەر هەوڵی بۆ نەدەی، هەر وەک حەز دەمێنێتەوە. بۆ هەوڵدانیش دەبێ بەرنامەیەکی ڕێکو پێکتان هەبێ، دەبێ دەرسەکانتان زۆر باش بخوێنن و گوێڕایەڵی دایک و باوک و مامۆستاکانتان بن. جیا لە دەرسەکانی قوتابخانە هەوڵ بدەن کتێب بخوێننەوە و هەر پرسیارێک کە بۆتان دێتە پێش، بە دوای وڵامەکەیدا بڕۆن و لە تێکۆشان مەوەستن.

دەزانن هەموو ئەو داهێنەر و زانا و مرۆڤە سەرکەوتوانەی کە ناویان لە مێژوودا هەیە، هەموو وەک ئێوە ڕۆژێک منداڵ بوون. ئەوان بە هەوڵ و تێکۆشان و خوێندن بەو ناو و ناوبانگە گەیشتوون و، ئێوەش دەتوانن یەکێک لەوان بن.

**سەرنووسەر**



# چیرۆکی دێنی و پاسکیلەکەی!!

**نامەی دێنی بۆ خودا**

دێنی بە دایکی گوت، من بۆ جێژنی لە دایک بوونم پاسکیلێکم دەوێ.
دێنی کوڕێکی زۆر هار و هاج بوو، هەمیشە خەڵکی ئازار دەدا. دایکی پێی گوت ئاخر ئەتۆ ئاوا هارورهاجی، حەقە پاسکیلت بۆ بکڕم؟
دێنی گوتی بۆ نا!
دایکی پێی گوت بڕۆ ژوورەکەت و نامەیەک بۆ خودا بنووسە و داوای لێ بکە لەبەر کارە باشەکانت پاسکیلێکت پێ بدا.
دێنی چووە ژوورەکەی و دەستی کرد بە نووسین:
نامەی ژمارە یەک
«سڵاو خودای بەڕێز! ناوم دێنییە. من کوڕێکی زۆر باش بووم و ئێستا داوات لێ دەکەم کە پاسکیلێکم پێ ببەخشی.
ئۆگری تۆ دێنی».
دێنی کەمێک بیری کردوە و دیتی ئەو نامەیە کار ناکا، چونکە درۆیە و پاسکیلیشی دەست ناکەوێ. هەر بۆیە نامەکەی دڕاند.

**نامەی ژمارە دوو**

«سڵاو خودایە! ناوم دێنییە و هەمیشە هەوڵم داوە کوڕێکی باش بم. تکایە بۆ جێژنی لەدایک بوونم پاسکیلێکم پێ ببەخشە».
دێنی بڕێکی بیر کردەوە و زانی ئەو نامەیەش کاری خۆی ناکا، بۆیە ئەویشی دڕاند.

نامەی ژمارە سێ
« سەلام خودایە گیان. من ناوم دێنییە. ڕاستە من منداڵێکی باش نەبووم، بەڵام ئەگەر بۆ جێژنی لە دایک بوونم پاسکیلێکم پێ ببەخشی، بەڵێنت پێ دەدەم کە ئاقڵ بم و چیدی خەڵک ئازار نەدەم».



دێنی کەمێکی بیر کردەوە و ووتی بەخوا بەو نامەیەش هیچم بۆ جێبەجێ نابێ، بۆیە نامەکەی دڕاند و کەوتە فیکرەوە.

چووە لای دایکی و پێی گوت دەچمە کلیسا. دایکی پێی وابوو فێڵەکەی سەری گرتوە و کوڕەکەی بەخۆی دا چۆتەوە. بۆیە ڕێگەی پێدا و پێی گوت:- پێش نان خواردن بگەڕێوە ماڵەوە.

دێنی چووە کلیسا، بینی لەوێ کەسی لێ نییە، پەیکەری دایکی پیرۆزی بە ڕاکێش ڕاکێش دزی و بردییە ژوورەکەی خۆی ونامەیەکی تازەی نووسی.

نامەی ژمارە چوار

«سڵاو خودا!
دەزانی چیە! دایکت لە لای منە، ئەگەر دەتەوێتەوە، بۆ جێژنی لەدایک بوونم پاسکیلێکم پێ ببەخشە».
دێنی.

**و: هانا وریا**




فەتاح کاویان نوسەرو وەرگێڕ، سیاسەتمەدار و تێکۆشەری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

فەتاح کاویان ساڵی ١٣١٥ ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی هەر لەو شارە تەواو کردوە و دواتر وەک مامۆستا لە قوتابخانە سەرەتاییەکان وانەی بە منداڵان گوتۆتەوە.

فەتاح کاویان لە ساڵی ١٣٣٧وە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ساڵی ١٣٣٩ گیراوە و بۆ ماوەی چەند ساڵ لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوییەوە خراوەتە زیندانەوە.

فەتاح کاویان دوای ئازاد کرانی بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە شاری تاران و لیسانسی زمانی ئینگلیسی وەرگرتوە و دوای تەواو کردنی خوێندنەکەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک خەریکی وانە گوتنەوە و کاری وەرگێڕان بوو.

بەڕێز کاویان دوای گەڕانەوەی بۆ مەهاباد لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوە بۆ ماوەی ٦ مانگ وەک شارەداری مەهاباد هەڵبژێردراوە، بەڵام دواتر لەلایەن ساواک لەسەرکار لابراوە.

فەتاح کاویان دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و دەست پێکردنەوە بە تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، چالاکیەکانی خۆی لەگەڵ حیزب پەرە پێ داوە.

ناوبراو لە چەندین کۆنگرەی حیزبدا بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردراوە.

فەتاح کاویان جیا لە کاری سیاسی خزمەتێکی گەورەی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردوە و فەرهەنگی حەوتەوانەی داناوە، کە فەرهەنگێکی وشەیە و بە ٣ زمانی کوردی، فارسی و ئینگلیسی نووسراوە.

فەتاح کاویان چەند کتێبیشی لە زمانی ئینگلیسیڕا وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، لەوانە ڕەحمانی کوردان، پیاوکوژانی کۆشکی فیروزە، شۆڕشی کوردەکان،( شورش کردها)، کوهستان خونین و گوریلهای شیلی.

فەتاح کاویان، کەسایەتیی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات بێجگە لە زمانی زگماکی خۆی دەتوانێ بە چەند زمانی دیکە قسەبکا لەوانە فارسی. ئینگلیسی، تورکی و تا ڕادەیەکیش زمانی ڕووسی و عەرەبی.

**ئا: شیلان**

# ئاکامی بێ ئاقڵی و تەوەزەلی

هەبوو نەبوو لە گۆلێکدا پۆلێ ماسی هەبوون. ژیانی ئەوان لەو گۆلەدا بوو. ڕۆژێکیان ڕاوچی هاتن و زۆریان لێ لە داو خستن. ڕۆژەکانی دوایەش هاتنەوە و هەر جارەو پۆلێک پێوە دەبوون. مابوونەوە سێ ماسی. دووان لەوان ئازا و زانا و یەکیشیان گێل و داماو، کە قەت بیری لە هیچ نەدەکردەوە.

ڕۆژێکیان سێ ماسییەکە پێکەوە دانیشتبوون، راوچی هاتن و چاویان لە گۆمەکە کرد و گوتیان سبەی دێینەوە و تۆڕی تێدەخەین.

ئەوەیان گوت و ڕۆیشتن. ئەو ماسییەی کە لە هەموویان زاناتر و ئازاتر بوو کەوتە خۆ، چووە ئەو جێیەی کە خوڕێن بوو و لەوێوە خۆی هاویشتە ئاوەڕۆیەک و تیژ لەوێ دوور کەوتەوە.

بۆ سبەینێ ڕاوچی گەیشتنێ. ئەوەی دووهەمیان کەوتە بیرکردنەوە، کە باشە هەموو ڕەفیقەکانی تێداچوون، ئەدی بۆ ئەو تا ئێستا نەبزوتووە و لەوێ ماوەتەوە؟ ئەویش کەوتە خۆ و بەخۆی گوت خۆم بە خۆمم کرد، گۆڕی گیانم بێ. بەڵام هەروا تەسلیمی مەرگ نابم، هەموو هەوڵی خۆم دەدەم ڕزگارم بێ. دوایە خۆی خستە سەر پشت، هاتە سەر ئاو، وەک بڵێی مردبێ.

ڕاوچی بە هەڵەچوون، پێیان وابوو مردوە، دەستیان دایە و دوایە فڕییان دایەوە نێو رووبارەکە. ئەویش بەپەلە خۆی لەوێ دور خستەوە.

نۆرە گەیشتە سێهەمین ماسی کە ترسنۆکترین، تەمبەڵترین و بێ مێشکترینی ماسییەکانی ئەو گۆمە بوو. زوو زوو خۆی بەملاو ئەولادا دەدا و لە هیچ و خۆڕا سەرنجی ڕاوچییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و خۆی بە داوەوە کرد.



بەڵام ئەم چیرۆکە چیمان پێ دەڵێ:

ئەوە کە تەمبەڵی و تەوەزەلی لە هەموو ژیانماندا بنێینە لاوە. ئەوە کە ئەگەر تووشی کێشەیەکیش بووین، بە جوانی بیری لێ بکەینەوە و دەرفەتەکان بقۆزینەوە. ئەوە کە پێش ئەوەی کێشەیەکمان بۆ بێتە پێش، بیرمان لێ کردبێتەوە و چارەسەرمان بۆ پەیدا کردبێ.

- **سەرچاوە: کەلیلە و دەمنە**
- **دایکی نیان پوختەی چیرۆکەکەی کردوە بە کوردی**



## داری کاواچی فوجی

دارستانی کاواچی فوجی لە باشووری ژاپۆن هەڵ کەوتووە و لە ڕێگەی شەقامەوە ڕێی ٤ کاتژمێر لەگەڵ تۆکیۆ نێوانیان هەیە.
جوانترین شوێنی ئەو دارستانە شوێنێکە بە ناوی « تونێلی گوڵیسین»... کە ژاپۆنییەکان پێی دەڵێن «فوجی» یان «داری ئەوین». گوڵیسین دارێکە کە تەمەنی درێژە و لە بەرانبەر ڕووداوە سروشتییەکان دا زۆر بە هێزە و ساڵانە ٣ میتر گەورە دەبێ. گوڵیسین گوڵی سپی و شین و بنەوش دەر دەکا کە بە وێنەی هێشو ترێ شۆڕ دەبنەوە.



دووپشکەکان بە هۆی ئەوەی هێز و وزەیان لە لەش دایە، توانایی ئەوەیان هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر بە بێ ئاوو خواردن بژین و هەروەها لە شوێنە گەرم و دەشتاییەکان دا ژیان بە سەر بەرن، بێ ئەوەی کە هیچ جووڵەیەکیان هەبێ.
هێندێک لە لێکۆڵەران لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەوە جۆرێک خەوتنە کە پێی دەڵێن: diapause. لەگەڵ هەموو ئەوانە دا کە لە ڕابردوو دا گوتراوە کە ئەو جۆرە دووپشکانە زوو دەمردن، بەڵام ئەمڕۆکە بە ئەنجام دانی هێندێک لێکۆڵینەوەی بەردەوام بە ئاکامە گەیشتوون کە دووپشک لە باری جەستەییەوە زۆر بەهێزە

**ئامادە کردنی: مینا**

# لەگەڵ رازاو و شیعرەکانی دا



رازاو هەمزە پوور لە دایکبووی ٢ ی ریبەندانی ١٣٧٩ی هەتاوییە و لە شاری کۆیە لە دایک بووە
رازاو ئیستا لە پۆلی٦ ی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەرەتایی هەرمۆتە دەخوێنێ و قوتابییەکی زۆر زیرەکە. ئەو هۆگرییەکی زۆری بە کتێب خوێندنەوە هەیە و خوێندنەوەی کتێبی شێعر و چیرۆکی منداڵانی زۆر پێ خۆشە.
باوکی رازاو پێشمەرگەیە، باوکی رازاو هاوکاری و رێنوینی دەکا بۆ نوسین و خوێندنەوە .
رازاو ماوەی ساڵێکە شێعر دەنوسێ و هەتا ئێستا ٥ شێعری نوسیوە .
ئەو دەڵێ زیاتر حەزم لە نووسینی شێعری نیشتمانییە و دەڵێ ئەگەر لە داهاتوو دا بتوانم، شێعر بۆ منداڵانیش دەنوسم .
گەورەترین ئاواتی رازاو ئەوەیە کە لە بواری ئەستێرەناسی دا کار بکا و بۆ هەسارەی مانگ سەفەر بکا. هەروەها ببێتە شاعیرێکی بەناو بانگ و زیاتر خزمەت بە نەتەوەی کورد بکا.
دوایین قسەی رازاو بۆ هاورێیانی ئەوەیە کە دەرسەکانیان بە باشی بخوێنن، بۆ ئەوەی خزمەت بە کوردستان بکەن .

کورتەیەک لە شێعری بۆ قاسملوو:



## بۆ قاسملوو

چەند دەیە بەر لە ئێستا،
لە شەوێکی وەک ئێستا ،
قاسملوو،
بیری نوێ لە دایک بوو.

***

کە گەورە بوو، زوو بە زوو
لە حوجرە و قوتابخانان،
لە شارو شارستانان،
بێ ترس، بانگی ئاشتی بەرز کرد.

***

لە تاران و کوردستان،
لە شاخ و لە پێدەشتان،
لە زانستگەی ئەندەران،
ژیرانە، رێی خەباتی گرتە بەر،

***

زۆری کرد،
ماندووی نەکرد رێبازی،
هەدای نەدا ، نەسرەوت،
وەک هەڵۆ، لە ئاستەمان سەرکەوت.

# قسەیەک لەگەڵ منداڵان



منداله خنجیلانەکانی کوردستان ئەو کاتەتان باش .
چاوگەشەکانی دایە وبابە، من دەمهەوێ چەند قسەیەکی خۆمانەتان لە گەڵ بکەم.
پەپوولەکان من دەزانم کە دونیای ئێوە چەندە پاک و بێ گەردە و پر لە سادەیی و خۆشەویستی وهیوا وئومێد بە داهاتووە. هەر بۆیە داواتان لێ دەکەم خۆتان تێکەڵی دونیای ئاڵۆزی گەورەکان مەکەن .
کاتێک دەبینن دایک یان باوکتان بە هەر هۆیەک بێ نێوان ناخۆشییەکیان لەگەڵ کەسانی دیکە وەک جیران یا خزم و کەس بۆ پێش دێ، نابێ ئێوەی خۆشەویست هاورییەتی خۆتان لەگەڵ یەکتر تێک بدەن و قسەو مەتەڵۆکی ناحەز و ناشرین بەیەک دا بدەن، یان یەکتر نەدوێنن. بەراستی ئەوە کاری کی زۆر خراپە ، چونکە ئێوەی منداڵ زیاتر پێویستیتان بە یەکترە و زیاتریش لەگەڵ گەورەکان بەیەکەوەن.
زۆربەی کاتەکانی خۆتان بە یاری کردن ودەرس خۆیندن لە ماڵەوە و لە قوتابخانە بە سەر دەبەن .
هاوریەتی ئێوە زۆر پێویستە و زۆریش بە نەرخە، کەواتە هەرگیز مەهێڵن بە هۆی کێشە وگرفتی گەورەکانتانەوە هاورییەتیتان تێک بچێ.

**گەلاوێژ پەیرەوان**



## کتێب

کتێب هاوڕێمانە
گوڵی باغی ژیانە
بەکەڵکە بۆ داهاتوو
چرای جوانی شەوانە
وشەی شیرینی لێوانی
هەموو سەرچاوەی جوانی
هەردەبەخشێ لە زانین
بەگشتی هاورێیانی

**دیاریی نارین کەنکاش**

# باران

دەبارێ باران لە قەت پاڵ و کیو    تەر دەکا ریشەی سێو و گەڵا
دەبووژێنەوە لەوەرگە و نزار    بە یەک شاد دەبن دەریاچەو رووبار
گوڵاڵەو بەیبوون دەگەڵ گوڵی باخ    وڵات دەرەنگێنن پێ دەشت و شاخ
بول بولی دەنگ خۆش لەسەر لقی دار    دەچێتە فکری گوڵە باخ و بەهار
کەو و کوڵارە دەگەڵ هەوێردە    دەچن بۆ سەیران لە نێو شێوەردە
بارانەی بە خوڕ دەگەڵ شنەی شەماڵ    دەبێتە هاورێی سروشت و ڕێبوار

**ئاوێزان بامرادی**

# بەفر بارین

ئای لەم بافرە باریوە
زەوی یەک پارچەزیوە
نە بەرد دیارە نە درخت
نە هەورازی بەرزو سەخت
هەمو لە بەفرا کپە
بێ سروەیە و بێ چپە
منداڵان دەی یاری کەین
جێی یاریمان دیاری کەین
دەی گورج ببنە، دووبەرە
هێمن راکە، هێرش وەرە
هیوا تۆپەلێ خڕ کە
گوێی رزگاری پێ سڕ کە

(دیاری خانی سۆفی بۆ دونیای منداڵان)

# پەپوولە پاییزە



سادە، سوک و بێ دەنگ بوو، پەپولە پاییزەیەک کە خەریکی ڕۆیشتن بوو. پەرییەک گەیشتە لای و شتێکی پێ گوت. پەپوولە پاییزە کە بیستی سوورا و سووڕا و سوڕا. ئینجا ڕوی لە پەرییەکە کرد و پێی گوت: « شانەکانی من لەوە لاوازترن کە بتوانم هەواڵێکی ئاوا هەڵگرم و لەگەڵ خۆمی ببەم.» پەرییەکە پێێ وت:» وایە، ئەو هەواڵەی تۆ دەبێ هەڵیگری زۆر قورسە و کێو بەو هەموو توانایەی خۆیەوە ناتوانێ ئەو هەواڵە بە شانەکانی هەڵگرێ، بەڵام تۆ دەتوانی و لەمەو بەدوا دەبی هەمیشە ئاوا بی و پەیام هێنەر بی.» ئینجا پێی گوت: «بەڵام نابێ لە یادی کەی، تۆ ناوت پەپوولە پاییزەیە و پەیامهێنەری.

ئینجا پەیامەکەی بە پەپولەکە دا و ڕۆیی و پەپولەکە مایە و ئەو پەیامەی کە چەندەها سەدەیە و هەتا هەتایە لەگەڵ ئەو ماوەتەوە و دەمێنی تا دەگاتە بەر گوێێ کەسی خۆی.

ئێستاکەش چەندەها ساڵە خەڵک دەزانن کە پەپوولە پاییزە هەواڵێکی پێیەو و دێت و دەچی و دەسوڕێتەوە و سەما دەکا و دەڕوا.

دوێنێ پەپولەیەک هاتبووە بەر پەنجەرەی ژوورەکەت و هەواڵێکی پێ بوو، بەڵام تۆ نەت دی و لەبیرت نەبوو هەر پەپوولە پاییزەیەک پەیامێکی پێیە. پەنجەرەکەت داخرابوو، ئەویش ئەوەندەی هاوار کرد و تۆش گوێت لێ نەبوو، بۆیە بە دڵێکی پر لە خەمەوە ڕۆیی.

بەڵام ئەو جار هەر کاتێک پەپوولە پاییزەیەکت دی، مەهێڵە بە بێدەنگی بەلاتا تێپەڕ بێ و بڕوا. کاتێک دیتت پێی بڵی ئەو هەواڵە چ بوو ئەو پەرییە پێی گوتی و ئاوا بێ قەراری کردی.

لە بیرت بێ هەر پەپولە پاییزەیەک بۆ خۆی پەیامێکی پێیە.

**ن: عیرفان نەزەر ئاهاری**
**و: نێعمەت مەلا**

# ئاواتی منداڵان



من نازیلا سۆهرابیم ئاواتم ئەوەتە ببمە مامۆستا و لەگەڵ دایک و باوکم بگەڕێمەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و منداڵان پەروەردە بکەم بۆ خزمەت بە گەلەکەم......



من زیلان فەتحیم پۆلی ٢ی سەرەتاییم گەورەترین ئاواتم ئەوەیە کە ببمە دکتوری ددان و بگەرێمەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەم بکەم.......



من بەڵێن جەناغی پۆلی ٢ی سەرەتاییم، هەوڵ دەدەم قوتابییەکی زیرەک بم و خوێندنەکەم تەواو بکەم و ببم بە دکتور بۆ خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان



من ناوم  فرانکۆ لاچینی پۆلی ٥ی سەرەتاییم ئاواتم ئەوەیە لە دوارۆژدا ببم بە دوکتور بۆ ئەوەی چارەسەری  هەژاران بکەم..

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

بێگەرد عەلی پوور

## Geography وانەی چاردەیەم: جوغرافیا


field کێڵگە


river ڕووبار


hill گرد


mountain شاخ


island دورگە


sea دەریا


desert بیابان


waterfall تاڤگە


beach قەراغ دەریا


lake دەریاچە


forest دارستان


ualley دۆڵ

A
B C
D E
F G
H
I
J
k L M
N
O P
Q
R S
T
U
V
W X
Y
Z

A E
B
C
G H
I F
J k
M N
P Q
R S
T O
U L
V W
X Y
Z i

# سێ پەپوولە



سێ پەپوولەیێ زۆر جوان لە نێو باخێکی پڕ لە گوڵدا پێکەوە دەژیان. یەکێک لەوان ڕەنگی سوور بوو. یەکی دیکەش ڕەنگی زەرد بوو و سێهەم دانەشیان ڕەنگی سپی بوو.

ئەو سێ هاوڕێیە هەموو بەیانییەک پێکەوە لەسەر گوڵەکان دەنیشتن و لە شیرەی گوڵەکانیان دەخوارد و دوایەش دەستیان دەکرد بە یاری و سەما کردن لەسەر گوڵەکان.

ڕۆژێکیان کە پەپوولەکان خەریکی یاری کردن بوون، لە پڕ بارانێکی بە خوڕ دایدا و ئەوانیش بۆ ئەوەی باڵە جوانەکانییان تەڕ نەبێ، لە جێگایەک دەگەڕان تا خۆیانی لێ بشارنەوە.

پەپوولەکان خۆیان گەیاندە گوڵێکی سوور، پەپوولە سوورەکە ڕووی تێکرد و گوتی گوڵە سوورە جوانەکە باڵە جوان و ناسکەکانمان تەڕ بووە، ئیزنمان دەدەی تا کاتی تەواو بوونی باران لە ژێرپەلکەکانی تۆدا بنیشین؟

گوڵە سوورەکە وتی، تەنیا تۆ کە ڕەنگت سوورە و وەک من دەچێ دەتوانی بێیە ژێر پەلکەکانم، ئەوانی دیکە نا.

پەپوولەکان لە وڵامدا گوتیان ئێمە هەر سێکمان هاوڕێین و پێکەوە هاتووینە ئێرە و پێکەوەش لێرە دەڕۆین.

پەپوولەکان لەوێ دوور کەوتنەوە و گەیشتنە لای گوڵێکی زەرد و داوایان لێ کرد هەتا پەنایان بدا و لە ژێر پەلکەکانیدا خۆیان بشارنەوە، بەڵام گوڵی زەرد قەبووڵی نەکرد و بە پەپوولە زەردەکەی گوت تەنیا تۆ کە ڕەنگت وەک من زەردە دەتوانی بێی و لەژێرپەلکەکانی مندا هەڵنیشی. پەپوولەکان وتیان کە ئێمە هەموومان پێکەوە هاوڕێین و لە یەکتر جیا نابینەوە و لەوێ دوور کەوتنەوە.

کەمێک ڕۆیشتن گەیشتنە گوڵێکی سپی و داوایان لێ کرد کە لە ژێر پەلکەکانی خۆیان بشارنەوە تا بە بارانەکە تەڕ نەبن, بەڵام گوڵە سپیەکەش هەروەک گوڵی سوور و زەرد وڵامی دانەوە و گوتی تەنیا پەپوولەی سپی بۆی هەیە لەلای من بمێنێتەوە.

پەپوولەکان کە ئاوایان دی، بە نارەحەتی لەوی دوورکەوتنەوە، بەڵام باڵەکانیان زۆر تەڕ ببوو، توانای هەڵفڕینیان نەمابوو.

لەوکاتەدا خۆر و با کە لە گۆشەیەکی ئاسمان ڕا چاویان لە پەپوولەکان بوو، کاتێ هاوڕێیەتی ئەوانیان بینی، وەخۆ کەوتن. با زوو پەڵە هەورەکانی لادا و خۆریش تیشکەکانی خۆی بڵاو کردەوە. پەپوولەکان حەسانەوە، باڵەکانیان ویشک بوونەوە و دەستیان کردەوە بە هەڵفڕین و یاری کردن.

**و: پەیام**

# زانستی

تا ئێستا باڵندەت دیوە خەوتبێ؟ حەتمەن کەبینیوتە. تۆ پێت وایە بۆچی هەندێکیان لەسەر لاقێکیان دەنوون، یان سەریان دەکەنە ژێر باڵیانەوە؟

پێش ئەوەی کە وەڵام بدەینەوە، با برێک بیری لێ بکەینەوە.

لاقی باڵندەکان پەڕ و تووکی نیە، جا لەبەر ئەوەی کە باڵندە گەرمای لەشی لە لاقیەوە لەدەست نەدا، ئەوەیە کە لاقێکی کۆ دەکاتەوە و لەسەر لاقەکەی دیکەی دەوەستێ و دەنوێ. بەڵام ئێوە هیچ خەمتان نەبێ، ئەوان زیرەکن و دەتوانن خۆیان لە سەر یەک لاق را بگرن. جا هەر ئەوەشە کە سەریشیان بۆ ئەوەی سەرما لێی نەدا، دەخەنە ژێر باڵیانەوە.



ئەگەر ئەوانیش وەک ئێمە پەتۆیان بوایە، ئەوا پێی دەخەوتن و خۆیان جوان جوان دادەپۆشی.

مناڵە خنجیلانەکان ئێوەش دەبێ وریا بن. کاتێک دەنوون جوان خۆتان داپۆشن بۆ ئەوەی سەرماتان نەبێ.



منداڵە ئازیزەکان: حەتمەن دەزانن کە هەموو گیانلەبەرێک وەک یەک مافی ژیانی هەیە، باڵندەکان پێیان خۆشە بفڕن و خواردنیان دەست کەوێ، بۆ ئەوەی بژین و لەبرسی نەمێنن.

مام پشیلەی سەرخڕیش بۆ ئەوەی بێچووەکانی برسی نەبن و زوو گەورە ببن، بۆ خواردن دەگەڕێن و هەمیشە ملۆمۆیانە، ئەوانیش حەزیان لە ژیانە. مریشک و جووجەڵە جوانەکانیش پێیان خۆشە وەک هەموو گیانلەبەرانی دیکە بژین و ئازاد بن.

کەواتە ئێوە دەبێ لای منداڵەکانی دیکەش باس بکەن کە هەر گیانلەبەرێک مافی ژیانی هەیە، هەر بۆیە نابێ هێرشیان بکرێتە سەر و ئەو مافەیان لێ بستێندرێ.

## کێ چەندە دەژی؟

تەمەنی سروشتیی هەموو گیانلەبەرێک بەقەد یەکتر نیە. ئێمە لێرە تەمەنی چەند گیانلەبەرێکمان بەنموونە هێناوەتەوە:







مشک: ٢ ساڵ
کەروێشک:٥ ساڵ
مریشک: ١٢ ساڵ
سەگ: ١٣ ساڵ
پشیلە: ١٤ ساڵ
ئەسپ و شێر: ٢٣ ساڵ
مانگا و ورچ: ٢٥ ساڵ
وشتر: ٤٠ ساڵ
نەهەنگ: ٥٥ ساڵ
فیل: ٦٠ ساڵ
کیسەڵ: پتر لە١٠٠ ساڵ
بەڵام مام ڕێویی فێڵەزان، ئەو خۆی شاردەوەو پێی نەگووتین








لە سایتی « کودک» وەرگیراوە

ئازاد عەباسیان

# دنیای منداڵان بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی ئەو پەپوولانە پیرۆزباییان پێ دەڵێ




ماندانا میرزایی ١٣٩١/١١/٥



ئارین لوتفی ١٣٩١/١٠/١١



ساریژ سەممار ١٣٩١/١٠/٢٥



نارین مەحموودی ١٣٩١/١١/٢٠





ئاوێزان بامرادی ١٣٩١/١١/١٢

# وڵاتەکەمان بناسین

## شنۆ

شاری شنۆ یەکێک لە شارە جوانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە باشووری پارێزگای ورمێ لە نزیک سنووری عێراق و لە داوێنی کوێستانەکانی کێلەشین هەڵکەوتوە.

بە پێی ئاماری ساڵی ١٣٨٥ ئامارەی دانیشتوانی ئەم شارە ٦٤ هەزار کەس بووە کە لەم ژمارەیە ٣٣ هەزاریان لە شار و ٣١ هەزاریان لە گوندەکان نیشتەجێن.

شاری شنۆ کەشوهەوایەکی خۆشی هەیە و لە ناوچەیەکی سەرسەوز و پڕ لە باغ و باغاتی میوە هەڵکەوتوە و دەشتێکی پڕ پیت و بەرەکەتی بە بەرەوەیە.

باغە گێلاسەکانی شنۆ بە ناوبانگن و لەم ناوچەیە شنۆ بە شاری گێلاس ناسراوە.

شاری شنۆ مێژوویەکی کۆنی هەیە و هێندێک سەرچاوەی مێژووی دروستبوونی ئەم شارە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگێڕنەوە و دەگوترێ ناوی شنۆ شاری سەبا بووە.

یەکێک لە گەورەترین ئاسەوارە مێژووییەکانی



شاری شنۆ بەردەنووسی کێلە شینە کە بە دوو زمانی ئورارتویی و ئاشووری لەسەری نووسراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار و هەشت سەد ساڵ پێش ئێستا.

ڕووباری گادەر بە نزیک شاری شنۆدا تێدەپەڕێ و دەڕژێتە دەشتی سندووس و مووچە و مەزرای گوندەکانی ئەم ناوچەیە پاراو دەکا.

بوونی شاخ و کێوی جوان و باغ و باغاتی سەرسەوز و ئاوی زۆر دیمەنێکی دڵڕفێنی بەم شارە بەخشیوە و دەیان سەیرانگا و شوێنی خۆشی و دڵگری لە دەورووبەری ئەم شارە جوانە پێک هێناوە.

سۆما

## پۆلێک لە منداڵە سەرکەوتووەکانی نێو کەمپەکانی

## حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خوێندنی نیوەی ساڵی ۹۱ _ ۹۲


سۆما ڕەواندوست


بەرهەم فەرامەرزی


پشتیوان ڕەحمەتی


نارین کەنکاش


سروشت مستەفاپوور


ئاگرین محەممەدی


شێنێ شەڵماشی


سەهەند سولەیمانپوور


سۆزە پەیڕەوان


هیوا وریا


ئاشنا گوڵپەسەندی


پەیام مەمەندی


بێخاڵ عەلیپوور


توانا ئەبروزەنی


سنوور ڕەحیمی


ئاشنا مارف زادە


موکریان چوکەڵی


سیاوەش قەزایی


هەتاو ناسری


بێژان مەعروفی


کاروان مستەفاپوور


سازگار مەحموودی


تروسکە ئەحمەدپوور


وەفا یوسفی


ژینا ئیبراهیمی


پەریسا جۆلا


پەرەستوو جۆلا


دڵناز سدقی


فاتمه عەبدوڵڵا زاده


سەمیره موسەوی


تریفه دەرئۆفتادە


ئاسۆ مۆئمێنی



کیان خانزادی



ئەوین یوسفی



هاوڕێ سۆهرابی



تەرزە کەریمی



تریفە دەرئۆفتادە



لانە بۆرە

دنیای منداڵ

Child's World

ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان